

# روخانی رژێمی صدام حوسێن

## 2006/4/9 ▬ 2003/4/9

هاوکات لەو رۆژەدا خەڵکی عێراق گەورەترین پەیکەری دیکتاتۆر و فاشی عێراق صدام حوسێنیان لە گۆرەپانی









فەردۆس روخاند...خەڵکە چەوساوەکە بە خۆشی و سەربەرزی کەلاوەی پەیکەریان لەدوای خۆیان رادەکێشاو بە نەعل و کەوش{قۆندەرە} کەوتنە سەروگێلاکی...کامیرای جیهان ئەو روداوەی نیشان دەدا و شایی و هەڵپەڕکێ سەرتاسەری عێراقی گرتەوە...ئەوانەی پیاو و جاشی رژێم بوون خۆیان لەبەرچاوان وون کرد و باوەڕیان نەدەکرد بەو شێوەیە ئەو درِەندەی عێراقە دەروخێ...ئەوەندە یاغنیش و قوڕبەسەر بوون وایان دەزانی هەموو عێراق لەچاوی ئەو کوڕەی حۆجە دەژی و میللەت پارێزگاری لێدەکات...بۆ جەماوەری عارەبی و سەرکردەعارەبەکانیش جێگای سەرسوڕمان بوو ، چۆن



سەرکردەیەک لەکاتی دەنگداندا 99.99% دەنگدان بهێنی و بکەویتە بەر شەقی میللەت ، چونکە لە زۆربەی زۆری ئەو رژێمە عارەبیانە هەمووسەرۆکەکان هەر بەدەردی صدام حوسێن دەنگ دەهێنن ...جەماوەری عارەب لەوباوەڕە بوو صدام حوسێن فەلەستینی بۆ رزگار دەکات و خەڵکی عارەب خۆشبەخت دەکات ، خەونەکەی هاتەدی و پاڵەوانی عارەب لەناو کونە جورجدا دۆزرایەوە و بە یەخسیری دەست بەسەرکرا... ئەوکاتەش خەریک بوون داستانی ئەمیرئەرسەلانی بۆ دروست بکەن و بڵێن بەرێ دەبابەی ئەمریکی بەساغی قووت دەدا و شەری مانونەمانی کرد ، بەڵام خواکردی جوتیارانی تەنیشت ئەو  بیستانەی کە خۆی تێدا حەشاردابوو گووتیان هەر ئاگاشمان لێنەبووە کە صدام لێرەیە و هیچ گوللەیەکیش بە ئاسماندا نەهاتووە...هێشتا بۆ جەماوەری عارەب و نووسەرانی شۆڤینی عارەب قەبووڵ نەدەکرا سەرۆکە پڵینگەکاغەزەکەیان بەو شێوەیە خۆی بداتە دەست و 750000 هەزاردۆلاریش رزگاری نەکات ،ئەگەرچی ئەوکاتە بە سەددۆلار خەڵک دەبووە چاکترین جاش و پاسەوان...ئەو هەموو دەنگ هێنان و تۆقاندنە لەناو ماڵ و تیرەی خۆی بێسوود بوو و نەیتوانی لە تەماتەی رزیوو زیاتر هیچ بەدەست بهێنی و خۆی بپارێزی...ئاواتی دایکە شەهید و خوشکە شەهید و ژنە شەهید هاتەدی ، گەورەترین جەلادیان کەوتە بەردەست و بەردەمی دادگا...دەسەڵاتداری کەوتە بەردەستی ئۆپۆزیسۆنی عێراقی دابەش کراو [سونە] نایەکگرتوو {حزب الاسلامی...صالح متلگ...غازی یاوەر...کۆنە بەعسی نادیار

... حارث الضارى...مشعان الجبورى...وفيق السامرايى}...[شيعه] پارچه پارچه {السيستانى ...الصدر ...الحكيم ... اليعقوبى ...مجلس الاعلى ...دعوه...احمد چلبى...اياد العلاوى}...[كوردى] ليكدابڕاو...ئەوانە هەر هەموويان بۆيان نەكرا و نەكراوە گۆڕەپانى عێراق بۆلاى خۆيان رابكێشن و هێمنى و ئاسايش وەكو جاران دەست بەردار بكەن...گەورەترين كۆگاى تێرۆريستانيش بووە ئەو گۆڕەپانە بێكەسە كە ناوى عێراقە...لەهەرچواردەوەرى عێراق بە ئازادى خۆيان دێنە ژوورەوە و كارى خۆيان ئەنجام دەدەن ، هەندێك بەناوى ئايينى ئيسلام هەندێكيش بەناوى بەرهەڵستكار...ئەوەى زەرەرمەندە خەڵكى عێراقە...صدام حوسێن پاش ئەوەى هەردوو كوڕەكەى بووە قوربانى ئەو سياسەتە توندەى ئەوا بەخۆيى و ئامۆزا و زڕبراكانى كەوتە قەفەسى تاوانبار و ئێستاكە دادگايى دەكرێت...هەموو كاتێكى هەر روخان و مردنە كە بەخۆيى و دارودەستەكەى بەرامبەر دادگا دەوەستن و دادگايى دەكرێن...ئەوا بووە چوارمانگيش دەنگدان كراوە لەبەر نايەكى بيروڕا هێشتا وڵاتى عێراق بەبێ سەرۆك و سەرۆك وەزيرانە...پيرۆزە روخانى تاوانبارترين ديكتاتۆر... شەهيدان سەربەرزن.

فـەهـد گـردەوانـى 2006/4/8ستۆكهۆڵم